# کارەساتی شەهید کردنی ئیمام حوسەین
## لە ژێر رۆشنایی دیدو بۆچوونی ئەهلی سوننەو جەماعەدا

عیرفان ئەحمەد کاکە مەحموود

الحمدلله والصلاة والسلام على رسول الله وعلى آله وصحبه ومن والاه..

بێگومان کاروباری مێژوو و گێڕانەوەی مێژووی گەلان و پێشینان، گرنگی تایبەتی خۆی هەیە لە ژیانی گەل و نەتەوەکاندا، مێژووی هەر گەل و نەتەوەیەك بەڵگەیە لەسەربوونی ئەو گەل و نەتەوەیە، هەر مێژووە کە پەیڕەوو ڕێڕەوو ڕابووردوو داهاتووی ئەو نەتەوەیە دیاری دەکات، وە هەر گەل و نەتەوەیەك بیەوێ بەرەو سەرکەوتن و سەرکردایەتیکردنی گەلەکەی پێ هەڵگرێت، دەبێت هەر ڕووداوەکانی پێش و پاشی خۆی بەیەکەوە گرێ بدات و شیکردنەوەی وردی بۆبکات، بۆ ئەوەی خاڵە لاوازو بەهێزەکانی لە یەك جیا بکاتەوەو بەردی بناغەی داهاتووی خۆی لەسەر بناغەیەکی ساغ و درووست دابمەزرێنێت..

لە ڕاستیدا کارەساتی شەهیدکردنی ئیمام حوسەین لە گەورەترین کارەساتەکانە کە تووشی مێژووی موسوڵمانان بوو، چونکە لەو کاتەدا بێجگە لە ئیمامی حوسەین لەسەر ڕووی زەویدا کوڕی کچی پێغەمبەرێکی تر بوونی نەبوو، وە بەڕاستی بە مەزڵومی شەهید کراو کوشتنەکەشی بە نیسبەت موسوڵمانانی هەمووی گۆی زەوی کارەسات بوو، بەلاَم بەنیسبەت ئیمام حوسەینەوە خۆی، پلەی شەهادەت و پلەوپایەو ناوو شۆرەتی بەرزو نمرەی نزیکی بەخواوە وەرگرتووە، چونکە بێگومان خوای گەورە ئەم ڕێحانە جوانەی پێغەمبەری نازداری بۆئەو دونیا هەڵگرتووەو لەم دونیا پڕ لە نەهامەتیی و ناخۆشیە ڕزگاری کردووە..

مێژووی کارەساتی شەهیدکردنی ئیمام حوسەین ئەوەندە قورس و گرانە لەسەر ڕۆح و هەستم نازانم چۆن و بە چ شێوەیەك دەست بە گێڕانەوەی ئەو کارەساتە جەرگ بڕە بکەم.! بەلاَم وەك وەفایەك بۆ ئەو ئیمامە بەڕێزە کە کچەزاو ئامۆزازای پێغەمبەری نادارو خۆشەویستمانە "درودو سلاَوی خوایان لەسەر" کە بەناحەق غەدرو خیانەتی لێکراو بە زوڵم شەهید کرا، وە وەك پاراستنی ڕاستیی مێژوویی و هەروەها گەیاندنی حەقیقەتی ئەو کارەساتە خوێناوییە وەك ئەوەی کە ئەهلی سووننەو جەماعە لەسەری یەك دەنگن، وە وەك دیفاعێکیش لە مەزڵومان و حەقخوازان و ئازادیخوازان، ئەم بابەتە دەنووسم.

بێ پێچ و پەنا دەڵێم: زۆرێك لە نووسەران و بیرمەندانی ئیسلامیی بە تایبەت "نەوەی کورد" خۆیان لەم ڕووداوە گرنگە مێژووییە نادەن و تا ئێستا بەو شێوەیەی کە پێویست بێت نە بە نووسین و نە بە وتارو بابەت خۆیان لەم بوارە بەدوور دەگرن.. بێجگە لە هەندێ وتارو بابەتی نوێ کە بەم تازەییە دەست بە وتن و نووسینیان کراوە، ئەڵبەتە خوا حەق وتنی پێ خۆشە وتارەکەی مامۆستا کرێکاریش کە ١٢ ساڵ پێش ئێستا لە مزگەوتی جیهاد لە سلێمانی بە چاکیی و پاکیی باسی لەو ڕووداوە کردووەو مافی خۆیی پێداوە.، وە بەڕاستی ئەم بێدەنگیی و خۆ لادانە لەو حەقیقەتە

مێژوییەی بە ناحەق شەهیدکردنی ئەو ئیمامە بەرێزە، ڕێگای بۆ کەسانی تر خۆشکردووە کە بە شێوەیەکی تر و بە شێوازێکی تر بێنە مەیدان و ئەو کارەساتە بۆ موسوڵمانان بگێڕنەوەو زۆرێکیش موبالەغەی تێدا بکەن.! بەڵام خوا یاریێت من دەمەوێ لەم نووسینەمدا بێ هیچ دەمارگیرییەك بەدواداچوون بۆ ئەم بابەتە بکەم و ئەوەی ئەهلی سووننەو جەماعە لەسەری یەکدەنگن هەر ئەوە بنووسم و بلاّو بکەمەوە، وە نیازو نیەت پاکی خۆم لەم باسەدا بۆ خوای بالاّدەست و پاشان بۆ خوێنەران ڕا دەگەیەنم..

سەرەتا لە ناخی دڵمەوە هەزاران هەزار سلاّو لە ڕۆحی پاکی ئیمام حوسەین و یاوەرانیی.. وە ئەم کارەساتە هەرگیزاو هەرگیز لە یادو زیهنی ئێمەی موسوڵماندا (ئەهلی سوننەو جەماعە) لە بیر ناکرێت و تا ئەو ڕۆژەی فو بە نەفخی صوردا دەکرێت مەزلۆمییەتی ئیمامی حوسێن و یاوەرانی لە بیر ناکرێت، ئەوەی دڵی زیندوو بێت و تۆسقاڵەیەك ویژدانی بجاتەکارو تەنها چەند دێڕێك لە ژیانی پڕ لە کارەساتی مەزلۆمییەتی ئیمامی حوسەین بخوێنێتەوە ئەوە بێگومان چاوەکانی پڕ لە فرمێسك و دڵ و ڕۆح و هەستیشی پڕ لە خەم و خەفەت دەبێت.!

## لەدایکبوونی ئیمام حوسەین

حوسەینی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیب لە ڕۆژی ٥ ی شەعبانی ساڵی ٤ ی کۆچیی لە مەدینەی پیرۆزدا لە دایکبووە، وە هەر خودی پێغەمبەر ﷺ ناوی لێناوەو زۆر زۆری خۆشویستووە، بۆیە دەفەرموێ: (اللهم إني أحبهما فأحبهما) رواه البخاري. واتە: خودایە من حەسەن و حوسەینم خۆش دەوێن تۆش خۆشت بوێن. وە هەروەها دەفەرموێ: (إن الحسن والحسين هما ريحانتا الدنيا) رواه البخاري. واتە: بەراستی حەسەن و حوسەین دوو چڵە ڕێحانەی منن لە دونیادا. زۆرجار پێغەمبەر ﷺ بە فاتیمەی کچی دەوت: ئەو دوو کوڕەی خۆمم بۆ بێنن، پاشان بۆنی پێوە دەکردن و دەیگوشین بەخۆیەوە.، وە ئەنەسی کوڕی مالیك دەگێڕێتەوەو دەڵێ: بینیم پێغەمبەری خودا ماچی دەمی حەسەن و حوسەینی دەکرد.، وە هەروەها پێغەمبەر ﷺ دەفەرموێ: (الحسن والحسين سيدا شباب أهل الجنة) وە دەیفەرموو: (حسين مني وأنا من حسين، أحب الله من أحب حسينا). هەردوو ئەم فەرموودە ئیمامی تیرمیزی ڕیوایەتی کردووەو شێخ ئەلبانیش بەرەحمەت بێت بە سەحیحی داناون.

ئیمامی حوسەین لە دوای وەفاتی ئیمامی حەسەنی برای هەر لە مەدینەی پیرۆز مایەوە تا ئەوکاتەی موعاویە ڕەزای خوای لێبێت دوای وەفاتی خۆی یەزیدی کردە جێنیشینی خۆیی و ئەهلی مەدینەش بەیعەتیان دایە یەزید، ئەوجا ئیمامی حوسەین بەیعەتی نەدا بە یەزیدو بە توندی ئەو داوایەی ڕەتکردەوە.

## بەیعەتدان بە یەزیدی کوڕی موعاویەو ڕەتکردنەوەی ئەو بەیعەتە لەلایەن ئیمام حوسەینەوە

لە ساڵی ٦٠ ی کۆچیدا بوو بەیعەت درا بە یەزیدی کوری موعاویە، لەو کاتەدا تەمەنی یەزید ٣٤ ساڵ بوو، بەلاّم لە ناو شاری مەدینەدا هەردوو ئیمامی حوسەین و عەبدوڵلاّی کوڕی زوبەیر ئەو بەیعەتەیان ڕەتکردەوە، کاتێك کە داوای بەیعەتیان لێکرا، لە وەلاّمدا عەبدوڵلاّی کوڕی زوبەیر وتی: ئەمشەو چاوەڕێ دەکەم و بیری لێدەکەمەوەو دواتر

ئاگادارتان دەکەمەوە، بەڵام کاتێك شەو داهات شاری مەدینەی بە جێهێڵاو بەرەو مەککە بەرێ کەوت و بەیعەتی نەدایە یەزید..

وە کاتێکیش هاتنە لای ئیمامی حوسەین ئەویش وتی: من بە نهێنیی بەیعەت نادەم و بە ئاشکرا لەبەر چاوی خەڵکیدا بەیعەت دەدەم، بەڵام هەر کە شەو داهات بە دوای عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیردا بەرەو مەککە دەرچوو..

## خەڵکی عێراق زیاتر لە ٥٠٠ نامەیان نارد بۆ ئیمامی حوسەین

کاتێك خەڵکی عێراق ئاگاداری ئەوە بوون کە ئیمامی حوسەین بەیعەتی نەداوەتە یەزید، دڵخۆشبوون بەو هەڵوێستەی ئیمام حوسەین، چونکە ئەمانیش یەزیدی کوڕی موعاویەیان نە دەویست، تەنانەت ئیمامی موعاویەشیان خۆش نەدەویست، تەنهاو تەنها ئیمامی عەلیی و منداڵەکانی ئەویان دەویست، ڕەزاو ڕەحمەتی خوایان لێبێت.. بۆیە هەموو هۆزو کەسایەتییەکان دەستیان دایە نامە نووسین بۆ ئیمام حوسەین و هەموویان بەڵێنیان دایە کە ئێمە تەنها بەیعەت بە تۆ دەدەین، وە ئێمە بێجگە لە تۆ بەیعەت بەکەسی تر نادەین و یەزید بە خەلیفەو جێنشین نازانین، ئەم نامە ناردن و هەڵوێستانەی خەڵکی عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ زیادی دەکرد، بۆیە مێژوو نووسان دەڵێن ژمارەی نامەکان لە ئەهلی کوفەوە گەیشتە زیاتر لە ٥٠٠ نامە.!

## ئیمامی حوسەین موسلیمی کوڕی عەقیلی ئامۆزای نارد بۆ کوفە

ئیتر دوای ئەو هەموو دڵنیابوونەوە ئیمامی حوسەین موسلیمی کوڕی عەقیلی کوڕی ئەبی تالیبی ئامۆزای نارد بۆ کوفە بۆ ئەوەی سەرپەرشتیی و ئاگاداری بارودۆخی کوفە بێت، کاتێ موسلیم گەیشتە کوفە، بۆی دەرکەوت کە خەڵکی کوفە یەکلابوونەتەوە لەوەی کە بەیعەت نادەنە یەزیدی کوڕی موعاویەو هەمووی ئامادەیە بەیعەت بداتە ئیمامی حوسەین، بۆیە موسلیم لە کوفە چووە ماڵی هانی کوڕی عوروەو لەوێ خەڵکی دەستە دەستە دەهاتنە لایی و بەیعەت و پشتگیریی خۆیان بۆ ئیمامی حوسەین پشتراست دەکردەوە.

لەو سەردەمەدا والیی و سەرپەرشتیاری کوفە (نوعمانی کوڕی بەشیر) بوو، کە لەلایەن یەزیدەوە دیاری کرابوو، بەڵام وادیاربوو کە (نوعمان)ی والی کوفە زۆر گوێ ناداتە کاروباری یەزیدو لایەنگری سەرسەختی یەزید نیە، بۆیە هەندێك لە جاسوس و کاربەدەستانی نزیکی "نوعمان" هەواڵەکەیان گەیاندە یەزیدو ئەویش خێرا ئەمری کرد کە "نوعمان" لابرێ و عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بکرێتە والی کوفە، هەر بۆیە خێرا عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد کە والی "بەصرە" بوو، شاری کوفەش خرایە سەر ویلایەتی بەصرەو عوبەیدوڵڵا بوویە والی هەردوو شاری کوفەو بەصرە.. دیاربوو کە ئەم عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادە زۆر زیرەك و چالاك بووە، بۆیە هەر بە والی بوونیی و گەیشتنی بۆ کوفە، کەسێکی دیاری کرد بەناوی (مەعقیل) کە بگەڕێ بە دوای ئەم سەرە داوەداو بزانێ کێیە کە لە کوفەدا نوێنەرایەتی ئیمامی حوسەین دەکاو خەڵکی دەچنە لایی و بەیعەتی دەدەنێ، هەر بۆیە عوبەیدوڵڵا ٣٠٠٠ دیناری دایە دەستی مەعقیل و وتی: برۆ بگەڕێ و بڵێ من لە شاری "حیمص"ی سوریاوە هاتووم و پشتگیری لە ئیمامی حوسەین دەکەم و ئەم ٣٠٠٠ دینارەشم وەك پشتگیری ماددی بۆ هێناوە، مەعقیلیش زۆر وریاو لەسەرخۆ گەڕا بە دوای ئەو کەسەدا کە لە کوفەدا

نوێنەرایەتی ئیمامی حوسەین دەکا، بۆیە بۆ دواجار گەیشتە ئەوماڵەی کە موسلیمی کوڕی عەقیلی ئامۆزاو نوێنەری ئیمام حوسەینی لێیەو چوویە لایی و بەیعەتی دایەو ٣٠٠٠ دینارەکەشی بەخشیە موسلیم بەناوی پشتگیری ماددی بۆ ئیمامی حوسەین، بۆ ئەوەی زیاتر باوەڕ بە مەعقیل بکەن، ئیتر هەموو رۆژێ مەعقیل دەهاتە ماڵی "هانی کوڕی عوروە" بەناوی لایەنگرو پشتگیری ئیمامی حوسەین تا هەموو ئەندامان و لایەنگرانی ئیمامی حوسەینی ناسیی و پاشان دەگەڕایەوە لای عوبەیدوڵلای کوڕی زیادو ئاگاداری دەکرد لە هەموو جموجولێك..

## دەرچوونی ئیمامی حوسەین بۆ شاری کوفە

دوای ئەوەی کە ئیمام حوسەین لەلایەن موسلیمی کوڕی عەقیلەوە دڵنیاکرایەوە لەوەی کە ئەهلی کوفە چاوەڕێی ئەو دەکەن و هەموو بەیعەت بەو دەدەن، موسلیم نامەیەکی نارد بۆ ئیمام حوسەین و بۆی نووسی کە: کاروباری کوفە تەواوەو هەموو شتێك ئامادەیە، بۆیە ئیمام حوسەینیش "ڕەزاو رەحمەتی خوای لەسەر" لە رۆژی "تەرویەدا" بەرەو کوفە بەرێکەوت، وە عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادی والی کوفە ئاگادرای نامەکەی موسلیم بوو کە ناردی بۆ ئیمام حوسەین بە مەبەستی هاتنی ئیمام بۆ شاری کوفە، دواتر عوبەیدوڵلا ئەمری کرد بە هێنانی "هانی کوڕی عوروە"، ئەو پیاوەی کە موسلیم لە ماڵێ ئەواندا خۆی پەنا دابوو، پرسیارو وەڵامی موسلیمی کوڕی عەقیلی ئامۆزای ئیمام حوسەینی لێکرد، ئەویش لە وەڵامدا وتی نازانم، پاشان دەرکەوت کە فێڵ وتەڵەکە لەم مەسەلەدا هەیەو عوبەیدوڵلا لە رێی مەعقیلەوە ئاگاداری هەموو شتێکە..

## پشت تێکردن و هەڵگەڕانەوەی خەڵکی کوفە لە موسلیمی کوڕی عەقیل

هەواڵەکە گەیشتە موسلیمی کوڕی عەقیل کە عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بەدوایدا دەگەڕێ و نیازی خراپە بەرامبەری، هەر بۆیە موسلیم دەستپێشخەری کردو بە خۆیی و ٤٠٠٠ کەسەوە گەمارۆی تەختی پاشایەتی عوبەیدوڵڵایان داو داوای خۆ بەدەستەوە دانی عوبەیدوڵلایان دەکرد، لەو کاتەشدا عوبەیدوڵلا لەناو کۆشکدا کۆمەڵێك لە گەورە پیاوان و ناودارانی ئەهلی کوفەو مەککەی لێکۆبوو بوویەوە، ڕووی تێکردن و پێی وتن کە هەرکەسەو کوڕو براو خزمی خۆی لەو سوپایەی موسلیم بکێشێتەوە، هەرکەس ئەو کارە بکات ئەوا بەخششێکی زۆری لەلایەن منەوە دەدرێتێ، بەپێچەوانەوە داوا دەکەم لە شامەوە سوپایەك بێت و هەموویان لەناو ببات، هەر بۆیە بەم هەڕەشەو ڕیشوەدانەی عوبەیدوڵلا هەرکەسەو کوڕو براو خزمی خۆی لە سوپاکەی موسلیم کێشایەوەو، کار گەیشتە ئەوەی کە موسلیمی کوڕی عەقیل بە تەنها مایەوەو تەنانەت تا پێش خۆرئاوابوون یەك کەسی لەگەڵ نەمایەوەو بە کۆڵانەکانی کوفەدا بێ کەس و لانە دەسوڕایەوە، دواتر چووە دەرگای ماڵێك و دای لە دەرگاو ئافرەتێك بەناوی "کیندە" دەرگای لێکردەوەو پێی وت: ئەگەر دەکرێ کەمێك ئاوم بدەرێ، ئافرەتەکەش زۆری بەلاوە سەیر بوو و پرسیاری لێکرد تۆ کێی؟ ئەویش لەوەڵامدا پێی وت: من موسلیمی کوڕی عەقیلی ئامۆزای حوسەینی کوڕی عەلیم، رەزاو رەحمەتی خوایان لێبێت. وەزعی خۆیی بۆ "کیندە" باسکردو پێی وت کە بڕیارە ئیمامی حوسەین بگاتە کوفە، بەڵام گەلی کوفە درۆیان لەگەڵکردووە، "کیندە"ش موسلیمی بردە ژوورەوەو خزمەتێکی باشی کرد، بەڵام دواتر یەکێك لە کوڕەکانی "کیندە"

دەگەڕێتەوە ماڵەوە، دەبینێ دایکی زۆر سەرقاڵەو دێت و دەچێت، بۆیە کوڕەکەی "کیندە" ئاگاداری وەزعەکە دەبێت و دەزانێ کە موسلیم لەماڵی ئەواندایە، ئەویش ڕاستەوخۆ دەچێ و عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادی لێ ئاگادار دەکاو شوێنی موسلیمی پێ دەڵێ، عوبەیدوڵڵایش ڕاستەوخۆ لەشکرێکی ٧٠ کەسی ناردو گەمارۆی ماڵی "کیندە"یان داو دواتر موسلیمیان دەستگیر کردو هێنایان بۆ کۆشکی عوبەیدوڵڵا، لەوێش عوبەیدوڵڵا پرسیاری لە موسلیم کردو پێی وت: چ شتێك تۆی هێناوەتە کوفە.؟ موسلیمیش لە وەڵامدا وتی: بەیعەتێك لە گەردنماندایە بۆ حوسەینی کوڕی عەلی، عوبەیدوڵڵا وتی: ئەی بەیعەتی یەزید لەگەردنتا نیە.؟ موسلیمیش وتی: من یەکێکم لەوانەی کە بەرامبەرت جەنگاوم.! ئێستا ئیزنم بدە کە وەسیەت بکەم، عوبەیدوڵڵایش وتی: وەسیەتت بکە، پاشان موسلیم چاوی گێڕا بەناو کۆشکاو بینی "عومەری کوڕی سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس" لەوێیەو پێی وت: ئەی عومەری کوڕی سەعد تۆ لە نزیکانی منی لەڕووی خزمایەتیەوە، وەرە با وەسیەتت بۆ بکەم، عومەریش لێی نزیك بوویەوەو موسلیم پێی وت: فریاکەوە کەسێك بنێرە بۆلای ئیمامی حوسەین کە بگەڕێتەوەو پێی رابگەیەنە کە ئەهلی کوفە درۆیان لەگەڵکردووە، وە موسلیم وتە بەناو بانگەکەی خۆی کە بە ئیمامی حوسەینی ڕاگەیاندبوو بە عومەر گەیاندو وتی پێی بڵێ: (إرجع بأهلك ولايغرنك أهل الكوفة، فإن أهل الكوفة قد كذبوك وكذبوني، وليس لكاذب رأي).

پاشان هەر لەو ڕۆژەدا کە ڕۆژی عەرەفە بوو موسلیمی ئامۆزای ئیمامی حوسەین شەهید دەکرێ و ئیمامی حوسەینیش لە ڕۆژی "تەروییە"دا بە یەك ڕۆژ پێش شەهید کردنەکەی موسلیم لە مەککە دەردەچێ و بەرەو کوفە بەڕێ دەکەوێ. سڵاوو ڕەحمەتی خوا لە بنەماڵەی بەڕێزی پێغەمبەری نازدار.

## ناڕەزایی هاوەڵانی پێغەمبەر "درودو سڵاوی خوایان لەسەر" سەبارەت بە دەرچوونی ئیمام حوسەین بۆ کوفە

زۆرێك لە هاوەڵانی پێغەمبەر "درودو سڵاوی خوایان لەسەر" هەوڵی زۆریاندا کە ڕێگری بکەن لەوەی کە ئیمام حوسەین مەککە بەجێ بهێڵێت و بەرەو کوفە بە ڕێ بکەوێ، بەڵام بەداخەوە ئیمام حوسەین لەسەر ڕەئی خۆی سوور بوو، لەو هاوەڵانەش: (عەبدوڵڵای کوڕی عومەر، عەبدوڵڵای کوڕی عەباس، عەبدوڵڵای کوڕی عەمری کوڕی عاص، ئەبو سەعیدی خودری، عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر).

## هەندێ لە وتەی ئەو هاوەڵانە لەکاتی دەرچوونی ئیمام حوسەین دا

١- ئیبن عومەر:

شەعبی دەڵێ: ئیبن عومەر لە مەککەدا بوو کە بیستی ئیمام حوسەین بەرەو کوفە بەڕێ کەوتووە، بە ئەندازەی سێ شەو بە ئەسبەکەیەوە بەدوایدا ڕۆیشت تا پێی گەیشت، پرسیاری لێکردو پێی وت: ئەی حوسەین بۆ کوێ دەڕۆی.؟ ئیمام وتی: بۆ عێراق.! وە سەرجەم ئەو نامانەی کە ئەهلی کوفە بۆیان ناردبوو پیشانی ئیبن عومەری داو وتی: ئەوە هەموو نامەی ئەهلی عێراقە بۆیان ناردووم و بەیعەتیان پێداوم.! ئیبن عومەر وتی: ئەی حوسەین مەڕۆو بگەڕێوە، وە بە چەندین فەرموودەی پێغەمبەری خوا ﷺ ئاگاداری کردەوە، بەڵام ئیمام حوسەین هەر سوور بوو لەسەر ڕەئی خۆیی و

پاشگەز نەبوویەوە، پاشان ئیبن عومەر باوەشی پیاکردو خواحافیزی لێکردو دەستی بە گریان کردو فەرمووی دەتدەمە دەستی خوا بە ئەمانەت لە هەر کوشتنێك.!

٢- عەبدوڵڵای کوڕی زوبەیر:

ڕووی کردە ئیمامی حوسەین و پێی وت: بۆ کوێ دەڕۆی.؟ دەڕۆی بۆلای قەومێك کە باوکتیان کوشت و تانەو تەشەریان لە براکەتدا.؟ دوبارەی کردەوەو وتی مەڕۆ.! بەڵام ئیمام حوسەین هەر سوور بوو لەسەر رۆشتنەکەی.!

٣- ئەبو سەعیدی خودری:

ڕووی کردە ئیمام حوسەین و پێی وت: ئەی باوکی عەبدوڵڵا من لە ئامۆژگاریکارانم بۆت، وە من دڵسۆزو خەمخۆری تۆم، ئاگادارم کە ئەهلی عێراق نامەیان بۆ ناردوویی و داوات لێ دەکەن بچی بۆلایان، بەڵام من پێت دەڵێم مەڕۆ، چونکە لە باوکتم بیستووە "واتە: ئیمامی عەلی" سەبارەت بە ئەهلی کوفە چی وتووە، وتویەتی: (والله لقد مللتهم وأبغضتهم، وملوني وأبغضوني، ومايكون منهم وفاء قط.... الخ)، واتە: سوێند بەخوا ئەهلی کوفە ماندووم کردن و وە ڕقیشم لێیان دەبێتەوە، چونکە ئەوان منیان ماندوو کردو ڕقیشیان لە من دەبێتەوە، وە هەرگیز وەفا لەوان ناوەشێتەوە...هتد..

## ئیمامی حوسەین گەیشتە قادسیە

پاشان هەواڵی کوشتنی موسلیمی کوڕی عەقیل گەیشتە ئیمامی حوسەین لە ڕێی عومەری کوڕی سەعد ئەوکەسەی کە موسلیم وەسیەتی بۆ کردو ناردی بۆلای ئیمامی حوسەین، دواتر ئیمامی حوسەین ڕووی کردە کوڕانی موسلیمی کوڕی عەقیل و پێی وتن کە دەبێت ئێوە بگەڕێنەوە، ئەوانیش وتیان سوێند بەخوا هەرگیز ناگەڕێینەوە تا تۆڵەی باوکمان وەرنەگرینەوە، ئیتر ئیمامی حوسەین وازی لێهێنان، پاشان کە عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد زانی کە ئیمامی حوسەین ڕوو بە کوفە دێ، ئەمری کرد بە "حوڕی کوڕی یەزیدی تەمیمیی" کە بە خۆیی و هەزار کەسەوە بچێت و ڕێ لە هاتنی حوسەین بگرێت، ئەویش بە خۆیی و ١٠٠٠ کەسەوە بە ڕێکەوت و لە قادسیە گەیشت بە ئیمامی حوسەین و یاوەرانی، پاشان "حوڕ" ڕووی کردە ئیمام حوسەین و پێی وت: بۆ کوێ دەچی ئەی کچەزای پێغەمبەری خوا.؟ ئەویش لەوەڵامدا وتی: بۆ عێراق.، "حوڕ"یش پێی وت من ئەمرت پێ دەکەم کە بگەڕێیتەوە، ئەگینا خوا بە تۆ تاقیمان دەکاتەوە، لە کوێوە هاتووی بگەڕێوە بۆ ئەوێ، یان بڕۆ بۆ شام بۆلای یەزید، بەمەرجێك بەرەو کوفە نەیەی.! بەڵام وەك هەمیشە ئیمامی حوسەین وازی نەهێناو لە ڕەئیەکەی خۆی پەشیمان نەبوویەوەو بەرەو کوفە بە جوڵە کەوت، بەڵام "حوڕ" لە کێشەکە گەیشتبوو و دەیزانی چی ڕوو دەدا، بۆیە هەر ڕێی پێدەگرت و دەیوت: ئەی ئیمام بگەڕێوە بەرەو کوفە مەیە.! تا ئیمام حوسەینی تورە کردو بە "حوڕ"ی وت: دایکت ڕۆڵە ڕۆت بۆ بکات ڕێگەم بدە با بڕۆم.! "حوڕ"یش ئەم قسەی ئیمام حوسەینی پێ ناخۆشبوو وتی: سوێند بەخوا ئەگەر بێجگە لەتۆ لە ناو عەرەبدا هەرکەس ئەم قسەیەی بەرامبەرم بکردایە تۆڵەم لە خۆیی و دایکی دەکردەوە، بەڵام چی بڵێم بەتۆ ئەی حوسەین کە دایکت سەروەری هەموو ژنانی دونیایە..

## گەیشتنی ئیمام حوسەین بە کەربەلا

ئیمام حوسەین گەیشتە شوێنێك کە پێی دەوترا کەربەلا، پرسیاریکرد ئەم شوێنە کوێیە.؟ وتیان: ناوی کەربەلایە، ئیمام حوسەینیش وتی: (کرب و بلاء)، واتە: نارەحەتیی و بەڵاو ناخۆشی.، لەو کاتانەدا جەیشی عومەری کوڕی سەعدیان پێگەیشت کە ژمارەیان ٤٠٠٠ سەرباز دەبوو و رێی پێگرتن، وە ئەمری پێکردن کە دەبێ خۆیی و یاوەرانی لەگەڵ عومەری کوڕی سەعد دا بچن بۆ کوفە بۆلای عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، بەڵام ئیمامی حوسەین ئەو داوایەی رەتکردەوەو وتی هەرگیز نایەم بۆلای والی کوفە، بەڵام کاتێ ئیمام حوسەین بینی کە عومەری کوڕی سەعد زۆر سوورە لەسەر رۆشتنی ئیمام حوسەین بۆلای عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، سێ پێشنیاری دایە عومەری کوڕی سەعد کە یەکێکیان هەڵبژێرێ..، یەکەمیان: وازم لێبێنن تا بگەرێمەوە بۆ مەککە. دووەم: یان دەڕۆم بۆ ئەو شوێنانەی کە جیهادی لێیەو موجاهیدان لەوێ دژی کافران دەجەنگن. سێیەم: یان دەڕۆم بۆ شام و لەوێ دەست دەخەمە ناو دەستی یەزید.

عومەری کوڕی سەعد پێشنیارەکانی پێ باشبوو، وتی بە ئیمامی حوسەین: تۆ کەسێك بنێرە بۆلای یەزید لە شام و منیش دەگەرێمەوە بۆلای عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد بزانم ئەو چی دەڵێ، بەڵام ئیمامی حوسەین کەسی نەنارد بۆلای یەزید لە شام، تەنها عومەری کوڕی سەعدی نارد بۆلای عوبەیدوڵڵای والی کوفە تا بزانێ ئەو رەئیی و بۆچوونی چۆنە لەسەر پێشنیارەکانی، کاتێك عومەری کوڕی سەعد گەڕایەوە لای عوبەیدوڵڵاو ئاگاداری کرد لە پێشنیارەکانی ئیمام حوسەین، عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد زۆری پێ باشبوو وتی: حوسەین خۆی کامیان هەڵدەبژێرێ با هەڵیبژێرێ، ئەمە هەلێکی زێرین بوو بۆ ئیمام حوسەین و یاوەرانی، بەڵام لەو کاتەدا لە کۆشکی عوبەیدوڵڵا کەسێکی لێبوو بەناوی "شەمر کوڕی زیلجەوشەن" وە یەکێك بوو لە نزیکانی عوبەیدوڵڵا، وتی: نەخێر هەرگیز شتی وانابێت، دەبێت حوسەین و یاوەرانی بێنە سەر حوکمی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، بۆیە عوبەیدوڵڵاش بە وتەکەی "شەمر" بوغرابوو وتی: بەڵێ دەبێت حوسەین و یاوەرانی بێنە سەر حوکمی من..

عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادیش "شەمری کوڕی زیلجەوشەن"ی ناردو پێی وت: برۆ بە حوسەین و دارو دەستەکەی بڵێ دەبێ بێنە سەر حوکمی عوبەیدوڵڵا، وتیشی بە "شەمر": ئەگەر عومەری کوڕی سەعد کە یەکێکبوو لە سەرکردەکانی سوپای عوبەیدوڵڵا، هاوڕات نەبوو، خۆت ببە بە سەرکردەی ئەو سوپا ٤٠٠٠ کەسەیە، پاشان عوبەیدوڵڵا عومەری کوڕی سەعدی بە ٤٠٠٠ کەسەوە نارد بۆ ناوچەی "رەی" و بەڵێنی پێدابوو کە بیکاتە والی ناوچەی "رەی".

دواتر "شەمری کوڕی زیلجەوشەن" بە رێکەوت و هەواڵیش گەیشتە ئیمامی حوسەین کە هەر دەبێت رازی بێت بە حوکمی عوبەیدوڵڵا، ئیمامی حوسەینیش سوێندی خوارد کە هەرگیز رازی نابم و ناچمە سەر حوکمی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد..

### ئیمامی حوسەین سوپاکەی کوفە دەترسێنێ بە خوا !

ژمارەی ئەوکەسانەی لەگەڵ ئیمامی حوسەیندا بوون ٧٢ کەس بوون، وە سوپاکەی کوفەش ٥٠٠٠ کەس بوو، کاتێك بەرامبەر بە یەك وەستان ئیمامی حوسەین ڕووی کردە سوپاکەی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادو پێی وتن: بە خۆتاندا بچنەوەو زەرزەنشتی نەفستان بکەن، ئایا دەگونجێ شەڕ لەگەڵ کەسێکی وەکو من بکەن.؟! وە من کوڕی کچی پێغەمبەرەکەتان بم.؟! وە بێجگە لە من لەسەر ڕووی زەویدا کوڕی کچی پێغەمبەرێکی تر بوونی نیە،! وە پێغەمبەری خوا ﷺ بە من و براکەمی وتووە: (هذان سيدا شباب أهل الجنة). رواه الترمذي. وقال الشيخ الالباني هذا الحديث صحيح عن طريق رواية حذيفة وابي سعيد وغيرهما. واتە: ئەو دووانە (حەسەن و حوسەین) گەورەو سەروەری ئەهلی بەهەشتن.

بەردەوام ئیمام حوسەین سوپاکەی کوفەی هەڵدەنا بەوەی کە گوێڕایەڵی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد نەکەن و پشتگیری لە ئیمام و یارانی بکەن، ئەوەبوو ٣٠ کەسێك بە سەرۆکایەتی "حوڕی کوڕی یەزیدی تەمیمیی" کە لە پێشەنگی سوپاکەی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد دا بوون پشتگیری خۆیان بۆ ئیمام و یارانی دەربڕیی و ڕایگەیاند: کە من هەرگیز ئاگرو دۆزەخ هەڵنابژێرم بەسەر بەهەشتدا ئەگەر لاشەم ورد ورد بکەن و بیشم سوتێنن..

پاشان دوای ئەوە ئیمامی حوسەین نوێژی نیوەڕۆو عەسری ڕۆژی پێنجشەممەی ئەنجام داو، بۆ هەردوو دەستەکە دەستەی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیادو دەستەکەی لای خۆیشی پێشنوێژی بۆکردن، ئیمام حوسەین وتی: ئێوە خۆتان ئیمامتان هەیەو ئێمەش ئیمامی خۆمان، لە وەڵامدا پێیان وت: نەخێر، بەڵکو ئێمە لەدوای جەنابتەوە نوێژ دەکەین، بۆیە لە دوای ئیمامی حوسەینەوە هەردوو نوێژی نیوەڕۆو عەسریان ئەنجامدا، بەڵام کاتێك کاتی نوێژی مەغریب نزیك بوویەوە سوپاکەی عوبەیدوڵلاّ ڕوو بە حوسەین و یارانی بە ئەسپەکانیانەوە نزیك بوونەوە، لەو کاتەدا ئیمامی حوسەین بە جلوبەرگی سەربازییەوە خەوی لێکەوتبوو، کە دەنگە دەنگ و پرمەی ئەسپەکانی بیست، هەستاو زانی کە سوپاکەی عوبەیدوڵلاّ لێیان نزیك دەبنەوە، بۆیە ئیمام چەند کەسێکی نارد کە قسەیان لەگەڵ بکەن و بزانن چیان دەوێ.؟ بۆیە عەباسی کوڕی عەلی کوڕی ئەبی تالیبی برای ئیمام حوسەین بە خۆیی و (٢٠) کەسەوە ڕۆشتە لایان و قسەیان لەگەڵکردن، ئەوانیش لە وەڵامدا وتیان: یان دەبێ بێنە سەر حوکمی عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، یان دەبێ بجەنگن.!

پاشان گەڕانەوەو هەواڵەکەیان دایەوە بە ئیمامی حوسەین و ئەویش فەرمووی: مۆڵەتم بدەنێ با ئەمشەو بیری لێبکەمەوەو نوێژ لەگەڵ خودای خۆمدا ئەنجام بدەم، پاشان بەیانی وەڵامتان لێدەگێڕمەوە، بۆیە بەردەوام ئیمام و یارانی ئەو شەوە هەر خەریکی ئەنجامدانی نوێژو داوای لێخۆشبوونیان لەخودا دەکرد. ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت.

## شەهیدبوونی ئیمام

## لە ڕووداوەکەی "تەف" لە ساڵی (٦١)ی کۆچیی

لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینیی ڕۆژی ١٠ ی موحەڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچیی لە خاکی کەربەلای عیراق، جەنگ لە نێوان هەردوو دەستەکەدا هەڵگیرسا، یارانی ئیمام حوسەین دەیانزانی کە لە تواناییاندا نیە بەرامبەر بەو سوپایەی عوبەیدوڵلاّ بوەستنەوە، بەڵام تەنها ئارەزوویان ئەوەبوو کە لە نێوان هەردوو دەستی ئیمام حوسەیندا بکوژرێن و

هەرواش بوو، یەك بە یەك لەبەر دەستی ئیمام دا شەهید دەکران.!! وە هیچ کەس نەمایەوە بێجگە لە ئیمام حوسەین خۆیی و کورە شیرینەکەی بەناوی "عەلیە بچوك" کە ئەویش نەخۆش بوو.

ئەو رۆژە تا ئێوارەکەی ئیمامی حوسەین بەو شێوەیە مایەوەو کەس جورئەتی ئەوەی نەدەکرد کە دەستی خوێناوی بکات بە کوشتنی کچەزاکەی پێغەمبەری خوا ﷺ، تا کار گەیشتە ئەوەی کە "شەمری کوڕی زیلجەوشەن" هاواری کردو وتی: هاوار بۆ ئێوە، دایکتان رۆڵە ڕۆتان بۆ بکات، چوار دەوری بگرن و بیکوژن، بۆیە هێرشیان کردە سەر ئیمام حوسەین و ئابڵۆقەیان دا، ئیمامیش وەك شێر ئاسا بە شمشێرەکەیەوە دەهات و دەچوو، وە چەند کەسێکی لە سوپای غەدری کوفە کوشت، بەڵام ئازایەتی لەبەرامبەر زۆری ژمارەوە هیچ دەورێك نابینێ.!

دووبارە "شەمر" هاواری کردەوەو وتی: هاوار بۆ ئێوە! چاوەڕوانی چی دەکەن؟ بۆیە ئەمجارە بەسەختی هێرشیان کردە سەر ئیمام و شەهیدیان کرد، ڕەزای خوای لەسەر بێت. وە ئەو کەسەی کە راستەوخۆ بەشداری لە کوشتنی ئیمام حوسەیندا کرد "سینانی کوڕی ئەنەسی نەخەعی" بوو، وە سەری ئیمامی لەلاشەی کردەوەو سەرەکەیان بردەوە بۆ کوفە بۆلای عوبەیدوڵڵای کوڕی زیاد، لەوێش عوبەیدوڵڵای نامەرد دارێکی بەدەستەوە بوو سەیری سەری ئیمام حوسەینی دەکردو دارەکەی دەکرد بەناو دەمیاو دەیگوت: ئەمە باشترین جیهادو خەبات بوو.!! لەو کاتەدا ئەنەسی کوڕی مالیك هەستاو وەك نارەزاییەك وتی: سوێند بەخوا خراپترین کارت کرد، بێگومان من پێغەمبەرم دی کە ناو دەمی حوسەینی ماچ دەکرد، ئەو شوێنەی کە تۆ ئێستا دارەکەی پیادەکەی.!!

## ئەوانەی کە لەگەڵ ئیمام حوسەیندا شەهید کران

ئەو کەسانەی لەگەڵ ئیمامی حوسەیندا شەهید کران لە ئال و بەیتی خۆی بریتی بوون لە:

- کوڕانی ئیمامی عەلی "ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر": ئیمامی حوسەین، جەعفەر، عباس، ئەبوبکر، محمد، عوسمان.
- کوڕانی ئیمام حوسەین: عەبدوڵڵا، عەلی ئەکبەر.
- کوڕانی ئیمامی حەسەن: عەبدوڵڵا، قاسم، ئەبوبەکر.
- کوڕانی عەقیلی مامی ئیمام حوسەین: جەعفەر، عەبدوڵڵا، عبدالرحمن، عەبدوڵڵای کوڕی موسلیمی کوڕی عەقیل، موسلیمی کوڕی عەقیل.
- کوڕانی عەبدوڵڵای کوڕی جەعفەر: عەون، محمد.

نزیکەی ١٨ کەس لە ئال و بەیتی پێغەمبەری خوا ﷺ شەهیدبوون..

## ئەو ڕیوایەتانەی لەو بارەوە وتراون

- ئیبنی عەباس "ڕەزای خوایان لێبێت" دەگێڕێتەوەو دەڵێ: لە نیوە ڕۆژێکدا بوو پێغەمبەری خودام بینی لە خەونمدا، قژی بژو تێك ئاڵۆزو تۆزاوی بوو، شوشەیەکی بەدەستەوە بوو خوێنی تێدا بوو کە کۆی کردبوویەوە، پێم وت: ئەی پێغەمبەری خودا ﷺ ئەوە چیە بە دەستەوە.؟ ئەویش فەرمووی: ئەوە خوێنی حوسەین و هاوەڵانیەتی، لە بەیانیەوە

خەریکم کۆی دەکەمەوە.. ڕاوی ئەم فەرموودەیە دەڵێ: ئەو ڕۆژەی کە ئیبن عەباس ئەو خەونەی بینیبوو هەر هەمان ڕۆژبوو کە ئیمام حوسەین شەهید کرابوو. إسناده صحيح.

- ئومی سەلەمە دەگێڕێتەوەو دەڵێ: گوێم لە جنییەکان بوو کە بۆ کوشتنی ئیمامی حوسەین ڕۆڵە ڕۆو گریانیان بوو. سنده صحيح. فضائل الصحابة/ ٢-٧٦٦ ژمارە: ١٣٧٣.

## تۆڵەو سزای دونیا پێش تۆڵەو سزای قیامەت

ئەوکەسەی کە ئەمری کرد بە کوشتنی ئیمام حوسەین عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد بوو، زۆر درێژەی نەکێشاو خوای پەروەردگار تۆڵەی لێکردەوەو "موختاری کوڕی ئەبی عوبەید" هەستا بە کوشتنی عوبەیدوڵلای کوڕی زیادو سەری لێکردەوە. ئەمەش تۆڵەی خوای پەروەردگاربوو لەو پیاوەی کە هاوکاری زۆری کرد لە کوشتنی حوسەینی کوڕی عەلیدا ڕەزاو ڕەحمەتی خوا لە هەردووکیان بێت.

## ئەوکەسانەی بەشدارییان کرد لە کوشتنی ئیمام حوسەیندا

ئەوەی کە لە کتێبەکانی ژیاننامەو ناودارانداا بلاَوە ئەو کەسانەی کە ڕاستەوخۆ بەشدارییان کردووە لە شەهیدکردنی ئیمام حوسەیندا دوو کەس بوون: سەنانی کوڕی ئەنەسی نەخعیی و شەمری کوڕی زیلجەوشەن بوون، وە ئەوکەسەش سەرپەرشتی کوشتنەکەی ئیمام حوسەینی دەکرد عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد بوو، وە عوبەیدوڵلاو شەمر ئەم دوو کەسە لە یاران و لایەنگرانی ئیمامی عەلی بوون..

١- عوبەیدوڵلای کوڕی زیاد: "توسی" لە کتێبەکەیدا بەهاوکارو دۆستانی ئیمامی عەلی داناوە. (رجال الطوسي) لاپەڕە: ٥٤ – تحقيق/ محمد صادق بحرالعلوم.

٢- شەمری کوڕی زیلجەوشەن: عەلی نمازی شەهرەوەردی دەڵێ "شەمر" لە ڕوداوەکەی "صفین"دا لە سوپاکەی ئیمامی عەلی دا بوو.

## وتەی کۆتایی

وەك لە پێشەکییەکەدا هێمامان پێکرد، کوشتنی ئیمامی حوسەین "ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لەسەر" لە گەورەترینی کارەساتەکان بوو کە بەسەر موسوڵمانانداا هات، وە بێگومانین لەوەی کە بە مەزلومیی و ناڕەوایی شەهید کرا، بۆیە ئەو کارەساتە هەرگیزاو هەرگیز لە یاد ناکرێت و پەڵەیەکی ڕەشە بە نێو چاوانی بکەرانیەوە.. جا پێویستە ئێمەی نەوەی نوێی ئیسلام هەمیشە لە بلاَوکردنەوەی بیروبیدی خاوەن ویژدانانەو دادگەرانەی ئەهلی سوننەو جەماعەدا بین و خێرابین لە گێڕانەوەی ڕووداوەکان بەتایبەت لە گێڕانەوەی ڕووداوێکی وەك ئەم مەرگە ساتەی کە مێژوو هەرگیز لە یادی ناکات.! خێراکردن و گێڕانەوەی ڕووداوەکان وەك خۆیی و لەرێی سەرچاوەی درووستی خۆیەوە بەتایبەت ئەو ڕووداوە زیندووانەی کە ماوەیەکی زۆریش بەسەریاندا تێپەڕیوە، بەلاَم لە دڵی خەڵکیدا هەر نوێ و تازەن و یادیان دەکرێتەوە، پێویستییەکی شەرعییە بەسەر شانی هەموو موسوڵمانێکی خاوەن ویژدان و فەهمی درووست و صحیح، بەتایبەتی

مێژووی نەوەی پێشینان کە بەپاکترین و ڕێزداترین سەردەمی زێڕین ناوزەد کراوەو دەبێ وەك خۆی بێ زیادو کەم و بێ زیادەڕەویی ئەو مێژووە باس بکەین..

ئەهلی سووننەو جەماعە زۆر بەڕوونیی و بێ پێچ و پەنا دەڵێن: بەڵێ هەندێك لەو هاوەڵە بەڕێزانەی پێغەمبەری ئازیز ﷺ لە کاتی بوونی پێغەمبەرداو بەتایبەتی لەدوای وەفاتی ئەویش تووشی هەڵە هاتوون، بەڵام ئەم هەڵەکردنە نەبۆتە هۆی ساردبوونەوەیان لەوەی کە سووربن لەسەر خۆبەخشین لە ڕێی کەلیمەی یەکتاپەرستیدا، یان لە ڕێی بانگەواز بۆ ئایینی ڕاست و درووستی باپیرەمان ئیبراهیم عليه السلام، پاشان بانگەوازو کۆچ و جیهادی یارانی پێغەمبەری سەروەرو دوور کەوتنەوەیان لە زێدی باوو باپیران و ژن و منداڵیان و هەروەها بەرگریکردنیان بە ماڵ و گیانیان لە خۆشەویستەکەیان "موحەممەد" ﷺ، وا دەکات کە ئەم هەڵانەی ئەوان توشی هاتوون لە ماوەی ژیانیاندا لەبەرامبەر ئەو هەموو چاکانەی کە کردوویانە وەك دڵۆپە ئاوێك وایە لەبەرامبەر دەریایەکەوە..

بۆیە زۆر پێویستە گێڕانەوەی مێژوو وەك خۆی ئەگەرچی هەڵەش بووبێت لە زۆر بوارو هەلۆیستدا، وەك باسمان کرد شاردنەوەی هەندێ لە مێژووی پێشینان، یان گوێ پێنەدانیی و واز لێهێنانی بۆ خەڵکانێکی دی، ئەمە زەرەری زۆرتر دەداو شێواندی مێژوویشی بە دوادا دێ و ڕێخۆشکردنیشە بۆ هەندێ دڵ نەخۆش و ناخۆر بەسەر دینەوە کە هەزارو یەك قیل و قال لەملاو لەولاوە بێنن و بە ویستی خۆیان کەم و زیادی بۆ بکەن، ئەمەش تەنها هۆکاری سەرەکی ئەم دەرگا کردنەوەیە بۆ خەڵکانی دی کە خۆیان بکەنە خاوەن ماڵ و ئەهلی سووننەو جەماعەش بە میوان و بێگانە.!!

لەم کارەساتە گەورەیەی ئیمامی حوسەینیشدا دەڵێن: خوزگا ئیمامی حوسەین لە مەککە دەرنەچووبایەو بە گوێی هاوەڵانی بەڕێزی وەك: ئیبن عەباس و ئیبن عومەرو ئەبو سەعیدی خودریی و..هتدی، بکردایە، ئیتر ئەو هەموو خوێنە ناحەقیە نەدەڕژاو خۆشەویسترین و بەڕێزترین کەسی ڕووی سەر زەوی بەو شێوەیە شەهید نەدەکرا، بەڵام ئەمە قەدەرەو لای خوای پەروەردگار نووسراوەو لادان لە کارێکیش خوای پەروەردگار نووسیبێتی مەحاڵەو نەگونجاوە، هەر بۆیە زێدە ڕۆییش لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا نارەوا حەرامەو بەهیچ شێوەیەك ڕێ پێ نەدراوە، چونکە هەرگیز کوشتنی ئیمامی حوسەین "ڕەزاو ڕەحمەتی خوای لێبێت" لە کوشتنی پێغەمبەران گەورەتر نیەو نەبووە، مەگەر پێغەمبەر "یەحیای کوڕی زەکەریا" عليه السلام سەری لە ڕێی دژایەتی تاغوتاندا نەڕۆیی و شەهید کرا،؟ هەروەها ئیمامانی وەك: عومەرو عوسمان و عەلیی، هەموو ئەمانە شەهید نەکران،؟ بۆیە هەرگیز ئیمامی حوسەین گەورەتر نەبووە لەمانەو ڕەوا نیە بۆ هیچ مرۆڤێك لە کاتی گێڕانەوەی مێژووی مەرگەساتی ئیمامی حوسەیندا زێدە ڕەوی بکات لە هیچ شتێکیدا..

**وصلى الله وسلم على سيدنا محمد وعلى آله وصحبه..**

## سەرچاوە مێژووییەکان:

**- حقبة من التأريخ ما بين وفاة النبي ﷺ إلى مقتل الحسين رضي الله عنه سنة ٦١ الهجرية.**
**تأليف: عثمان بن محمد الخميس**

**١٤ ی موحەڕڕەمی ١٤٣٣ ی کۆچیی**

erfankaka@yahoo.com